# له وڵاتی ئێمه و نامۆ بوون به خۆشەویستی.!!!

ئا.هەڵمەت تەلان
eironxabat@hotmail.com

له وولاتی ئێمه زۆر سەیرە؛ کەسێک بە کەسێکی تر ناتوانێت بە ئاسانی بڵێت من تۆم خۆش دەوێت؛ بەڵام ئەتوانێت لە یەک دەقه بە دەیان کەس بشکێنێت و بڵێت من دوژمنی تۆم و چ کارێکیشم لە دەست بێت بۆ دژبەری کردن ئەیکەم ، بەڵام ووشەکانی خۆشەوویستی حەرام کراون بە چاوێکی نامۆ و بیٚ بەها، لە ناو کۆمەڵگایی ئێمە لیٚی ئەڕوانن بە عەیب و عار ناوزەندیی دەکەن؛ هەرچی لە بەرامبەر بەمەش بکەوێتە بۆسەی خەڵک و کۆمەڵگا زۆر ئاستمە کە بتوانێت خۆی لیٚدەرباز بکات؛ نەوک ڕاستییەکەی بداتە پەسەند کردنیش هۆکاریش بۆ ئەمە تەنها دەی گەڕێننەوە کە مەسەلەی خۆشەوویستی هەموو گرێدەدەن بە مەسەلەی غەریزە جنسیەکانی مرۆڤ تەنها خوێندنەوە بۆ خۆشەوویستی لە نێوان مرۆڤەکانی دەرەوەی خێزان لەم بیرو بۆچوونەوە لیٚی ئەڕوانن؛ هەمان کاتیش ئەوەی چاوی مرۆڤی ئەم کۆمەڵگاییەی بەرەو هەر کارێکی خراپ بردووە و لە پێناوی هەموو کەسایەتی خۆی دە دۆڕێنێت ئەم غەریزە سروشتییەی مرۆڤە کە شتێکی سروشتی و بەشێکی دانەبڕوا لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ ئەمەش هەر لە منداڵیەوە بە گوێی هەموو کەسێک ئەدرێت و بە شێوازێکی زۆر کەم لە نرخی و بەهای خۆی باسی لیٚوەدەکەن بێئەوەی بیرلەوە بکەنەوە ئەمە بەشێکە لە ژیانی مرۆڤ و لە هەمان کاتیش ژیان زۆر گەورەتر و فراوان ترە ئەم کێشەیەکیش نییە کە باسی لیٚوەبکرێت ئەمەندە ترسناک بێت ئەگەر ئەمەندە ترسانەکە باشە بۆ هەر پیاوێک ئامادەیە دووسیٚ ژن بێنێت ئەگەر لە پێناوی هەوەس و ئارەزۆکانی خۆی نەبێت بەڵام ئامادە نییە هیچ مافێکیی خۆشەوویستیش بە ڕەگەزی بەرامبەر بە خۆی بدات و ڕیٚز بۆ بیروبۆچوونەکانی بگرێت؛ مرۆڤی کۆمەڵگایی ئێمە و کلتوورەکانی ناوچەکە زۆر بە خراپی باس لە ووشەی خۆشەوویستی دەکەن و لیٚی دەدوێن؛ گەورەترین بەد ڕەوشتی لیٚرەوە سەرچاوە دەگرێت کێشە و گەندەڵی لە گەڵ خۆی هێناوە کە شەرەف و ئەخلاقی کۆمەڵگایی تووشی خراپەکاریی بێچارەیی کردووە، ئەگەر مرۆڤەکان یەکتریان خۆش نەوێت ئەوە دەبنە گورگ بۆ گیانی یەکتری؛ ئەو هەموو خوێن و کێشانەی کە لە کۆمەڵگایی ئێمەدا سەرچاوە دەگرێت هۆکاری یەکەم نەبوونی خۆشەوویستییە ئەگەر خۆشەوویستی نەبێت تێگەشتن و دیالۆگ چۆن دروست دەبێت و چۆن ئەتوانین چارەسەری بهێنین ئەگەر هەلۆێستەکان بە گرژییەکدا هەنگاوی هەڵهێنابێت و ئامەدە نەبێت لە سەر بچووکترین کێشە هەستی ڕاستی و خۆشەوویستی دەربڕێت، ئاستمە گەشتن بە چارەسەری ژیانێکی ڕاست؛ ئەگەر بە ڕاستی و واقع بینانە بڕوانینە دەرەوەی ئەم کۆمەڵگایەی ئێمە، خۆشەوویستی بنەماکانی کۆمەڵگا پێک دەهێنێت بە شیوازێکی زانستی و دوور لە سۆزانییەکی کوێرانە کە سەدان کێشەیی کۆمەلایەتی لە خۆی گرتووە بە کردنەوەی ئەم

کێشانە دەتوانین بگەینە ڕاستییەک کە هۆکارەکانی چییە و لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؛ ئەمەش نەتەنها مەبەستم شکڵی دەربڕینی مانایی خۆشەوویستیە وە دەربڕینی لە زمان و کوێبیست کردنی لە لایەن کەسێکی ترەوە؛ بەڵکو خزمەت کردن بە کۆمەڵگاو کەسانی چوردەور لە هەموو بوارێکیشەوە کە چۆن ئەمڕۆ، دەرەوەی جیهانی سێیەم چۆن هەموو شتێک لە خزمەت مرۆڤدا خولڵقێندراوە ئەمە بنامەی خۆشەوویستی و هەستی بەرپرسیاریەتییە لە بەرامبەر بە خۆشەوویستی و عاشق بوونە بە ژیانێکی ڕاست و ڕەنگین.

وە زۆر ئاسییە کەسێک لە ڕۆژێکدا بە چەندین کەس بڵێت خۆشم دەویت؛ ئەم ووشەیە بەهرەمەندی لە خۆی گرتووە ئەگەر لایەنێکی غەریزە شەخسیەکانیشی بێت؛ بەڵام کەسی بەرامبەری بە شێوازێکی مرۆڤانە وەڵام دەداتەوە دەتوانێت لە گەڵ ڕەت کردنەوەشی، لە چوراچێوەی هاوڕێیەتی ئەتوانێت پەرە بە پەیوەندیەکانی بدات و زیاتر لەو ڕێگایەشەوە ئاشنایی یەکتربن و لە هەمان کاتیش هاریکاری یەک بن وەک دوو مرۆڤ ئاسایی بەڵام پابەند بوون بە بنەماکانی خۆشەویستی؛ بەڵکو زیاتر وەک هاوڕێ و دووميوانی لە دنیادا پێکەوە دەیانەوێت لەو سەفەرە یادگاری و کارێکی جوان بکەن بە کلیلی یادگاریەکانیان و لە گەڕانەوەیان بیکەن بە کلتورێکی جوان؛ هەمان کاتیش جوان کاریی دەخولڵقێنن و ماندوو بوونی سەفەرەکەیان بیربکەن، هەرچەند زۆری زەحمەتی هەبێت بەڵام لە هەمان کاتیش ڕەنگین و جوان و بۆن خۆشی دەکەن؛

بەڵام ئەمە پێچەوانەی ژیان و کلتوری ئێمەیە بگرە هەموو کاتیش ڕێگر بووین لە بەردەم ئەم جوانکاری ژیانە بۆیە هەموو کاتیش لە خۆشیەکان و لە ماناکانی ژیان بێبەش  بووین و بووینەتە کارتێکراوێک لە پێناوی کومەڵە کەسێک یان دەسەڵات و دەوڵاتێک هەردەم وەک ئامراز بەکارهێنراوین و ئەمانیش بۆ ئەوەی هەردەم لە ڕاستی ژیان بە دوور بیت بە زمانی شەڕ و بە کلتووری شەڕ پەروەردە کراوین خۆشەویستیش بۆ ئێمە زەنگەی ترسناک بووە هەردەم بە چاوێکی نامۆ سەیرمان کردووە.!!

بەڵام ئەو خۆشەوویستیەی لایی ئێمە کە سنوورێکی یەک جار بەرتەسک و قالبی لە خۆی گرتووە کە ناتوانیت خۆتی تیا بدۆزیتەوە، ئەگەر زۆر پێدا شۆڕبیتەوە ئەوە لە بچووکترین حوکمی قەدەر کۆتایی بە هیواکانی ژیان دێت و لە هەمان کاتیش یان ئەوەتە جاردین لە ناو کۆمەڵگا وون دەبێت و ناچار بە هێزی قەدەر ئەبێت و ڕاستیەکان لە ناو هەناو هزریدا بەرەو کێشە کۆمەلایەتیەکانی دەبات و لە هەمان کاتیش نەخۆشیەکانی دەروونی سایکۆلۆژی دەبێتە بەشێک لە ژیانی و کاتێکیش لە ناو چورچێوەی خیزان شوێنی خۆی دەگرێت نەوەیەکی نەخۆش پەروەردە دەکات......ئەوەی پێکهاتەی خێزانە کە چ لاواکەنمان کچەگەنجەکانمان لە هیواکان بێبەش دەکەن و لە هەمان کاتیش لە ژێر ناوی خۆشەوویستی دایک و باوک هەموو هیواکانیان ژێر خاک نراوە و بە ژیانێکی بێ ئارەزوو چ لە ڕووی دەروونی چ لە ڕووی ژیانی ڕۆژانە ناتوانن بەرهەمێک پێک بهێنن کە کەموکورتیەکانی نەبێتە بەشێک و کلتووریک بۆمناڵەکانی، کاتێک تۆ بە زۆر لە چواردەوری خێزانێک پێک بهێنن کە بنامەی سەرەکی کۆمەڵگایە، چۆن ئەتوانیت لە بێ هیوایی و ئارەزووی پێک هێنانی خێزانێک بکەیت کە هیوابەخش بێت و لە گەڵ حەزو هێواکان و خۆشەوویستی گەورەی بکەیت، ئەگەر کچێک لە پێناو خوێندا بکرێت بە قوربانی کوڕی دوژمنەکەی چۆن ئەتوانێت لە کوڕی دوژمنەکەی مناڵێک لە سەر خۆشەوویستی پەروەردە بکات کە ڕۆژانە سەدان جار لە ڕوویدا بڵێن تۆ لە بری خوێن دراوی یان لە پێناوی

پارە تۆمان کڕیووە، ئەمەش بۆ گەنجێک کە لە ژێر دەسەڵاتی باوکی لە خوێنی براکەیی یان ئامۆزاکەی یان کەسێکی تر کچێک لە بنامەڵەی دوژمنەکەی بۆتە هاوسەری و بە چاوی دوژمن سەیری دەکات، چۆن خێزانێک پێک دێت کە لە سەر بنەمای خۆشەوویستی بێت، یان ئەگەر کوڕێک لە گەڵ کچێک خۆشەوویستی بکات باوکی بە زۆر هەقی کچەکەی بۆ کوڕەکەی پێوویستە ئەویش کچێک بخوازێت، کوڕەی گەنجیش ئەگەر خۆشەوویستی خۆی هەبێت، ئینکاری بکات ئەوە باوکی تەڵاقی لێدەخوات کە ناهێڵێت بیهێنێت بەو ماڵەدا و بە زۆر کچە دەکاتە ملی ئەمەش دەبێتە هۆی نامۆ بوون بە یەکتری کوڕە لە داخی ئەوەی باوکی هیواکانی ژێر گڵ کردووە هەر ڕۆژ بە قارەمانیەتی چیێک کچە دەشێلێت، ئەگەر وەڵامیش بداتەوە ئەوە دەڵێت چەنە بازە و تەڵاقی دەدات چوار گەنج لە هیواکان و مانایی خۆشەوویستی بێبەش و بیٚ هیوا ئەکەن، لە لایەکی تریش ماڵەکەی تر ئەڵێن ئەگەر ئەوان بە کچی ئێمە قایل نەبن ئەوە ئێمەش کچی ئەوانمان ناوێت هەرچەندە خۆشەوویستی یەکن بەڵام محاڵ ئەبێت، یان ئەوەتا لە هەموو کەس و کار دادەبڕێت، یان ئەو تا کۆتایی بە ژیانی خۆشەوویستی دیٚ نن، هەر لە گەنجێتی بە هەزاران نەخۆشی و کێشەو گیروگرفت، لە ژێر ناوی نازی دایک و باوک و خۆشەوویستی بۆ منداڵەکانیان، دروست دەکەن و کۆتایی بە ژیانیان دەهێنن ئەمە بە زانا بوون نییە، بەڵکو هەموو دایک و باوکێک هیوای ئەوەیە منداڵەکانی خۆشترین ژیان بکەن بەڵام پێوانەکانی عورف و عادەت تەقالید ئەم کێشانە دەکاتە بەهرەی خۆشەوویستی دایک و باوک بۆ منالاکانی، بەڵام ئەمە هەرچەند لە ژێر ناوی خۆشەوویستی ئەنجام دەدرێت بەڵام دەسەڵاتی باوکسالاری لە بەر حەز و هەوەسەکان و کارەکتەری پێم بڵێن پیاو هەموو شتێک دەکات بە قوربانی خۆی، ئەم ڕووەش لە کاتی ئەوە زۆر بەرچاو دەکەوێت کە باوک ژنێکی تر بهێنێت چۆن منال دەکاتە قوربانی خۆی هەرچەند ئەمە لە ژێر ناوی باوەژن وا لە منالەکانی ئەکات، بەڵام سەرچاوەی سەرەکی کارەکتەری دەسەڵاتی پیاو سالارییە کە خۆی بە ڕاهیب دادەنێت دەمامکێکی پێچاوە.!!

نە بوونی خۆشەویستی هۆکاری سەرەکیە کە مرۆڤەکان بەرەو و خراپەکاری و بێزاری ژیان هەنگاو بنێن؛ هەمان کاتیش سەدان کێشە و گیرو گرفتی بۆ دروست دەکات کە لە بەرهەمی ژیان خۆشەوویستی و سروشتی بێبەش ببن و ئاوات و هیواکانیان وەک شەوی ئەنگووستە چاو لە دەنکە زەنگیانەیەک بگەڕێن بیٚ هیوا دەبن.!!

نموونە ئەگەر منداڵەکەی حەزی بۆ سواری پاسکیلیک بێت یان کۆتر یان ئەوانەی کە منال حەزیان پێدەکات چ لە نازو خۆشەوویستی دایک و باوک تا شتی یاری منداڵان کە زۆر پێی دڵشاد ئەبن و زۆر هەست بە خۆشی دەکەن، بەڵام ئەمانە بە هازار و یەک ناو ناتۆرە لە بەرچاوی منداڵ دەکەن بە ڕۆژی حەشر ئیتر منداڵ ناوێرێت باسیشی بکات جارێکی تر، دروستیش ئەو منداڵە هەست بەوە دەکات کە درۆی لە گەڵ دەکەن بۆیە هەردەم بە بیانووە تا بۆئەوەی ئامانجی خۆی بە دەست بێنێت ئەگەر بچێتە کۆڵان یان لە گەڵ دایکی و باوکی بڕوات بۆ شوێنێک بە چاوێکی زۆر سەرنج ڕاکێش ئەڕوانێتە خواستەکانی یان بە دەست منالانی هاوڕێی خۆیەوە ئەیبنێت یەکسەر هەستەکانی خۆی بۆ هاوڕێکەی باس دەکات کە باوکی هەزارو یەک ناوناتۆرەی لێناوە بە خراپ و نازانم چی باسکردووە، بەڵام ئەگەر نەتوانێت لە بەردەم باوک و دایکیشی باسی لێوە بکات ئەوە باش هەست بەوە دەکات کە دایک و باوکی درۆی لە گەڵ ئەکەن و لە بەر هەندێک هۆکاری بۆی ناکرن

ئیتر هۆکار چ بێت، بەڵام لە هەمان کاتیش سەدان جار خۆی بە قوربانی منداڵەکەی ئەکات و باسی خۆشەوویستی بۆ دەکات، بەڵام ئەمە بۆ منداڵەکە ئەتوانی ئەو کات باوەڕی پێبکەیت ئەگەر گەورە بوو باش هەست بەو کەم و کورتیانە دەکات کە ژیانی منداڵی تیادەرباز کردووە و خۆشەویستیەکی ڕاستی پێنەبەخشی وە....!!

ئەمە هەر پەرە دەستێنێت و هەمان کاتیش مرۆڤی ئێمە هەردەم دوودڵە لە بەرامبەر بە کارەکانی کە پێکی دێنێیت، ئەگەر ئەم شتانە تا کاتی تەمەنی هەرزەکاری وا دەبێت بەڵام لێرەوە کێشەکان گەورە دەبن و لە هەمان کاتیش بە هەزار و یەک فێڵ و تەڵەکە هێزی خۆیان زیاتر دەکەن لە ژێرناوی خۆشەوویستی و تا بتوانن منالەکەیان بە پێی پێوانەکانی خۆیان بیربکاتەوە و بۆ ئەمەش هەر ڕۆژ دەیان جار دەڵێت نازانم لە کێ دەچێت هەر ڕۆژەو ناوێک بە مێشکیدا دەبەن ئەمیش نازانێت پیاوەتی چییە و فلان کەس چۆن بووە شان و باڵ و دەم وچاو سمێڵی چۆن بووە ئەمە هەموو پرسیار لە مێشکیدا لێی دەگەڕێت و نازانێت وەڵام لە کێ وەربگرێت لە هەمان کاتیش بیر لەوە دەکاتەوە چۆن، بووە یان دەڵێن لە باپیرەی خۆی ئەچێت ئەمە وەک شکڵ باسیشی لێبکەن بەڵام ئەم لە بواری هزردا لە ناو دووڕیانێکدا هەنگاودەنێت لە لایەک کۆتایی بە ژیانی منداڵی خۆی دێنێت و لە لایەک سەری هەزاران پرسیاری لە خۆی گرتووە، سەرەتاین ترین هەست و بە هێزترین هەست گەنج هەست کردنە بە ڕۆحی خۆشەوویستی و لە هەمان کاتیش وێڵە و تامۆزرۆیە بە دوایدا تا بزانێت تام و چێژی چۆنە، بەڵام خۆشەوویستی دایک و باوک هەزار و یەک کێشەی بۆ دروست دەکات کە ناوێرێت باسی بکات و هەردەم بە دوودڵی مامەڵەی لە گەڵ دەکات لە ڕووی دەروونیەوە ئامەدە نییە باش هەست بە ڕۆحی خۆشەوویستی بکات بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەستی خۆشەوویستی دوور دەکەوێتەوە دەبێتە شتێکی بێمانا و ترسناک بۆی وە ئەگەر هەنگاویش بۆ بنێت باوەڕی تەواوی پێنەهێناوە لە ڕووی دەروونییەوە ئامادە نییە و گەورەترین ترسی خێزانیش هەردەم وەک خودا لە سەر سەری خۆی دەبینێت هەردەم لە مل ملانێیەکی گەورەدایە؛ نموونە کاتێک لاوێک کچێکی خۆش بوێت باوەڕ ناکەم لە بەردەم خێزانیدا باسی بکات یان ئەگەر خێزانیش هەستیان پێکردبێت تا دواین کات خۆی لێبەدوور دەگرێت وە زۆر کاتیش وا دەکات دەست لەو خۆشەویستەی خۆی بەردات چونکە بە نەقسێکی گەورەی دەزانێت لە سەر شانی خۆی و بۆیە زۆر بە وورپای هەنگاوی بۆ دەنێت، هەرلێرەدا سەیرو سەمەرە لێرەدایە کوڕێک ناتوانێت باس لەو کەسە بکات کە خۆشی دەوێت لایی باوکی بەڵام ئەگەر بۆ شەڕێک بێت زۆر بە ئاسانی لە گەڵ باوکی چۆن هەنگاو دەنێن و لە هەمان کاتیش لە بەردەم باوکی هەزار ووشەی ناشیرین و جنێودان لە زاری دێتە دەر بێئەوەی شەرم لە باوکی بکات و لە هەمان کاتیش باوک دەست خۆشی لێدەکات بەڵام ناوێرێت لە بەردەم باوکی باسی ووشەی پیرۆزی خۆشەویستی بکات...!!؟؟؟

لە کاتی گەشتن بە هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی خۆی لە بەرامبەر بە ژیان و دەیەوێت ڕەنگی خۆی لە ژیاندا بە دەستی خۆی دیاری بکات، بەڵام ئیتر ئەم کاتە پاوەنەکانی بیرکردنەوەی لە بەرامبەر بە لێپرسینەوەیەکی سایکۆلۆژی لە ناو خێزاند ڕوو بەڕوو دەمێنێتەوە، یەکەم هەنگاو منداڵ ئەگەر بە چاوێکی گشتی سەیری بکەین و بڕوانین هەستەکانی بە شێوەیەکی زۆر درووست و پاک هەنگاو بەرەو تەمەنی لاوێتی

ئەنێت کە مێشکی خۆی لە گۆڕانکارییەکی گەورە دەبینێت و ئەیەوێت ئەو بۆشاییانەی سەری بە ڕەنگێک جوان بنەماکانی دابنێـت و وەک لاوێکی پەرە بە ژیانی لاوێتی خۆی بدات بەڵام بێگومان یەکم هەنگاو هەست بە دابڕانێکی گەورە دەکات ئەویش هەست کردنە بە خۆشەوویستی لە بواری مەعنەوی و ڕۆحی دا، بێگومان هەرچەندە هەندێک هەنگاو لە بواری جنسدا هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی ئەو هەستەی لا درووست بێت بەڵام بێگومان ئەگەر ئەمە بە شێوەیەکی باش بتوانێت لە ژیان و بیرکردنەوەکانی خۆیدا بێگوێدانە قسەو باسی کۆمەڵگا ئەتوانێت باشتیرن هەنگاو بەرەو دروست کردنی کەسایەتی خۆی هەڵبێنێت، بەڵام ئاستەمە هەرکەسێک بتوانێت لە کۆمەڵگا خۆی دابڕێت بیٚ گوێدانە پێوانەکانی کۆمەڵگا ژیان بکات هەرچەند ڕاستیەکان باش هەزم بکات و لە هەمان کاتیش هەستی بە کەم و کوڕیەکانی کۆمەڵگا کردبێـت کە دوورە لە بەهاکانی مرۆڤ کە لە سروشتەوە بۆتە یۆتۆپیایی مرۆڤ بێئەوەی هیچ بنمایەکی هزری لە خۆی گرت بێت، ئەمە ئاستەمە لە وولاتی ئێمەو بە تایبەت لە ناو کلتوری کوردی بە ئیسلام کراو...!!! کە لە ناو گێژاوێکی زۆر فەرامۆش کراوە و لە هەمان کاتیش ڕاستینەی خۆی لە دەست داوە لە ژێر دەسەڵاتی سەردەست بە ساڵانێکە لە ژێر زوولم و زۆرێکی بێئەندازەش پەرە بە مانەوەی خۆی دەدات وەک میلەتێک بە ناوی کورد و ناسنامەی خۆی بەڵام لە ڕووی کلتووری ئەمرۆمان کە نامۆیە بە کلتووری ڕەسەنی خۆمان کە یەکم بنەمای باوەڕ بوونە بە خۆشەوویستی مرۆڤ پەروەری بە ئاوەیەکی فەلسەفی و زانستی کە بنەمای خۆی پێکهێناوە.

بۆیە ئاستمە کە مرۆڤ بتوانێـت لە ناو کۆمەڵگای ئێمە خۆی دابڕێت کە خاوەنی هیچ بنمایەک نەبێـت کە بە تەنیا ژیانی خۆی دروست بکات، لە کاتێکیش بە سەدان کەسی وا لە ناو کۆمەڵگای ئێمە دەربکەون چوونکە ئاستی زانستی کۆمەڵگا زۆر لە ژێر سفرەوەیە باوەڕ ناکەم بتوانێت گۆڕانکاریەک لە چواردەوری خۆی بکات و پەرە بە ڕێبازێکی نۆی کۆمەڵایەتی بدات.....

ئەوەی لە وولاتی ئێمە حەرام کرا بە عورف و عادەت هیواکانی کوشت نەگەشتن بە خۆشەوویستی بوو لە باوک بۆ منالەکانی برا لە گەڵ خوشک بە پێچەوانەوە ئەمانە هەمووی زۆر لە ژیانی دروو خستینەوە زۆر ڕاستی لە ناو عورف و عادەت بوونە قوربانی و لە هەمان کاتیش سنووری خۆشەوویستی بوو گرتنی قەڵایەک کە بە هەزاران سەربازی کیا بێـت تۆش بە شمشێرێک بتەوێت بیگریت ئەمە ئاستمە، بەڵام بۆ دژبەری ڕق و قین لە یەک خولەک بە دەیان مرۆڤ لە خۆت دوور دەخەیت بەڵکو زۆر بە ئاسانی لە پێناوی قسەیەک مرۆڤێک دێتە کوشتن لە سەر مریشکێک نازانم ئەوەی بەرهەمی بچووکی مرۆڤە تۆ گەورەترین کاری خراپ لە گەڵ دەکەیت تەنها بۆ ئەوەی پێت بڵێن قارەمان ، بەڵام بۆ تەنها ووشەیەک کە جوانترین و بەهادارترین ئەخلاق و ڕاستینەی مرۆڤە ئامادە نیت لە بەرامبەر بە مندالەکەت ، کوڕەکەت هاوڕێکەت ، دراوسێکەت بلێیت من تۆم خۆش دەوێت ئەمەوێت بەهاکانی خۆشەوویستی پێوانەکانی نێوانمان بێت بۆ هاریکاری و ژیان کردن پێکەوە وەک مرۆڤ..!!!!!!!!؟؟؟